دەروازەی سنوری عەرعەر... دەستبەسەراگرتنی دەرمانی قاچاخ

ئەمڕۆ یەکشەممە،دەستەی دەروازە سنوورییەکان،رایگەیاند لە دەروازەی سنوری عەرعەر دەست گیرا بەسەر دەرمانی ئامادەکراو بۆ بەقاچاخبردن.

دەستەکە لە ڕاگەیەندراوەکدا بڵاویکردەوە : بەڕێوەبەرایەتیی دەروازەی سنووریی عەرعەر، بە هاوکاری لەگەڵ فەرمانگە پەیوەندیدارەکان، توانی دەست بەسەر جۆرێک لە دەرماندا بگرێت کە بۆ چارەسەری نەخۆشیی شەکرە بەکاردێت و ڕەزامەندی لە وەزارەتی تەندروستییەوە نەبوو، و بەشێوەیەکی بەرنامە دانراو لەناو پاسەکدا شاردرابووەوە و ئامادەکرابوو بۆ بەقاچاخبردن.

وەک ڕاگەیەندراوەکە ئاماژەی پێداوە: تۆمەتبارەکە و دەستبەسەرداگیراوەکان و ئۆتۆمبێلەکە ڕەوانەی بنکەی پۆلیسی گومرگی عەرعەر کران،بەمەبەستی بەدواداچوونی زیاتر لەبەردەم دادوەری لێکۆڵەر بۆ گرتنەبەری ڕێکاری یاسایی گونجاو لە دژی بکەرانی.